# یاسای بڵاوكردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا
# (وەقایعی كوردستان)

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٤**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٢**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی كە بەپێی برگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی كە ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١یدا یاساكاری كردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای بڵاوكردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا (وەقایعی كوردستان)

**ماددەی یەكەم:**

وەزارەتی داد دەرچوواندنی ڕۆژنامەیەكی ڕەسمی بۆ هەرێمی كوردستانی عێراق لە ئەستۆ دەگرێ بە هەردوو زمانی عەرەبی وكوردی و پێی دەكوترێ (وەقایعی كوردستان).

**ماددەی دووەم:**

(وەقایعی كوردستان) تایبەتمەند دەبێ بە بڵاوكردنەوەی ئەمانەی خوارەوە:

١- یاسا و بڕیارەكانی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێمی كوردستانی عێراق و ئەوەی بە هاوپێچەكانیان حساب دەكرێن یان ئەوەی تیایدا دەقی كرتووە بۆ بڵاوكردنەوەی.

٢ - پێڕەوەكان و ئەوەی بە هاوپێچەكانیان حساب دەكرێن یان ئەوەی تیایدا دەقی گرتووە بۆ بڵاوكردنەوەی.

٣ ـ (مەرسووم) و فەرمانە دەرچووەکان بەکوێرەی ئەو دەسەلاتانەی کە لە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزاڤی ئازادیخوازی کورد) هاتووە دەربارەی ڕابەر یا ئەوەی شوێنی ئەو دەگرێتەوە.
٤ ـ ڕێنماییەکان.

**ماددەی سێیەم:**

ئەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە بە دەقی ڕەسمی باوەڕ پێکراوە دەژمێردرێ و لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیەوە کاری پێ دەکرێ ئەگەر دەقێکی تیا نەهاتبێ کە پێچەوانەی ئەوە بێ.

**ماددەی چوارەم:**

(لەفز)ی نێر مێینەش دەگرێتەوەو، تاک، جووت و کۆ، کەسی مەعنەویش دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکدا هاتبێت کە لە وەقایعی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە، ئەگەر هاتوو دەقێک یا قەرینەیەک نەبێت لەگەڵ ئەوەدا نەگونجێت.

**ماددەی پێنجەم:**

وا دادەندرێ ئەوەی لە وەقایعی کوردستان بڵاو دەبێتەوە هەموو کەس پێیان زانیوە، ئیدیعا کردن بە نەزانین بەوەی کە لە ناوەڕۆکی دا بڵاوکراوەتەوە بە هەند هەڵناگیرێ.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: ساڵ و مانگ بەپێی هەردوو تەقویمی شەمسی (زاینی) و کوردی حسێب دەکرێ و بەیەکەوە لەهەر شتێک کە لە وەقایعی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە جێگیر دەکرێن.
دووەم: هەر یاساو پەیڕەوێک ژمارەی زنجیرەی خۆی دەبێت و دەخرێتە سەر ساڵی دەرچوونی و ناو و نیشانەکەیشی لەناوەڕۆکەکەیەوە وەردەگیرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

هیچ لایەنێک، یان کەسێک بۆی نییە دووبارە ئەوەی لە وەقایعی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە چاپی بکاتەوە، مەگەر بە ڕەزامەندیی وەزارەتی داد، یاخود بەسەرپەرشتی ئەو بێت.

**ماددەی هەشتەم:**

هەڵەی چاپکردنی ئەوانەی بڵاودەکرێنەوە لە وەقایعی کوردستاندا بە بەیاننامەیەک ڕاست دەکرێنەوە کە لەلایەن ئەو لایەوە دەردەچێت و ڕاستکردنەوەکەش لە وەقایعی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

دوای دەرچوونی ئەم یاسایە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێت لە دەرچوواندنی بڵاوکراوەی (پەرلەمان)و دوایی بە پەخشنامەی ڕەسمی زمان حاڵی ئەنجوومەن دادەندرێ.

**ماددەی دەیەم:**
وەزیری داد بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسان کاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی یازدەم:**
کار بە هیچ دەقێک، یا بڕیارێک ناکرێت، کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێت.

**ماددەی دوازدەم:**
لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی سێزدەم:**
ئەم یاسایە لە ١/١/٢٠٠٠ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**